http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.406

# هەڵبژاردن و دیموكراسی
## گیروگازی پەیوەندی

پشتیوان حمه سعید [١] ئاریان روف عزیز [٢]

[١،٢] بەشی مێژوو، - كۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەكان ، زانكۆی گەرمیان
[٢] aryan.raof@garmian.edu.krd

**پوختە**

پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن ودیموكراسی پەیوەستەگیە، بەلاّم بەشێوەیەكی ڕەها نا، چونكە دیموكراسی ئامانجە و هەڵبژارن میكانیزمە.هەروەها گرنگە بوترێت ئەم پەیوەندیە وابەستەییە یەك ئاڕاستەیە،واتە هەرچەندە دیموكراسی بەبێ هەڵبژاردن دروستنابێت ( خۆی بەتەنها بەس نیە )،بەلاّم لەلایەكی ترەوە هەڵبژاردن خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەك نیە بۆ هەبوونی دیموكراسیەت،لەوانەیە هەڵبژاردن بكرێت و نەبێتە هۆی بەدیهاتنی دیموكراسیەت وە نمونەی مێژوویی زۆرە لەسەر ئەم بابەتە، فاشی و نازیەكان و شێوازی گەیشتنیان بەدەسەلاّت نموونەیەكی باشە .

هەر لەسەر ئەم پێدراوەش گەلێك لە ولاّتانی دونیا لەقۆناغی شەپۆلی سێیەمی دیموكراسی كە لە نەوەدەكانی سەدەی بیستەم دەستی پێكرد روەو دیموكراسی و كرانەوەی سیاسی هەنگاویان نا هەڵبژاردنیان كردە میكانیزمی گوزەر كردنەكە،بەلاّم هەڵبژاردن لەئاست چاوەڕوانی و گەشبینیەكان بۆ برەوسەندنی دیموكراسی لە ئاستی جیهان نەبو چونكە بەشێك لە ولاّتان رێرەوی پێچەوانەیان گرت بەمەش سیستەمی نوێی سیاسی هێنانە كایەوە بە پێی پێوەرەكانی دیموكراسی هاوچەرخ دیموكراسی نەبون و لە هەمان كاتدا هەلگری هەندێك لە دامودەزگا و پایەكانی دیموكراسی بوون . ئەم توێژینەوەیە هەوڵ ئەدا لە گیروگازی پەیوەندی نێوان هەردوو گۆراوی دیموكراسی و هەڵبژاردن و لێكەوتەكانی ئەم گیروگازە بكۆڵێتەوە .

**كلیلی ووشەكان:** هەڵبژاردن , دیموكراسی , گیروگازی پەیوەندی, هەڵبژاردن بەبێ دیموكراسی, ستەمكاری ركابەری .

**پێشەكی**

هەڵبژاردن یەكێكە لە میكانیزمە بنەڕەتیەكانی گوزەر بەرەو دیموكراسی و بەدیهاتنی فەرمانڕەوایی باش لە دونیادا،بەو پێیەی میكانیزمێكی یاساییە بۆ یەكلاكردنەوەی ململانی و دژیەكیەكانی كۆمەلگە ،بەوەی كە دەسەلاّت لە نێو هێزو بزوتنەوە كۆمەلاّیەتیەكاندا بە پێی كێش و قورساییان بە شدەكات و ڕەوایەتی پیادەكردنی ئەو دەسەلاّتە دەداتە هێزێك یان زیاد لە یەكێك بۆ ماوەیەكی دیاریكراو.

ئەم پەیوەندیە قووڵ و توندو پتەوەی هەڵبژاردن و دیموكراسی بێ كێشە و گرفت نیە، بەشێوەیەك كە زۆرجار ئەم پەیوەندیە دەرئەنجامەكەی ئالۆز و پێچەوانە دەبێت لەكاتێكدا ئەگەر هەڵبژاردن كرا بە ئامانج لە پرۆسەی

**دیموکراتیزەکردن دەبێتە ئامرازێکی رووکەش لە پرۆسەی گوزەرکردن بەرەو دیموکراسی هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ، پاکی و ئازادی و بونیی ململانێی تەندروست هەڵبژاردن و ئایا لە هەڵبژاردن بوەتە پێویستی، بەڵام لە هەمانکاتدا کرۆکی گیروگازی پەیوەندیەکەی ئەم دوو گۆراوەیە ( هەڵبژاردن و دیموکراسی ).**

**کێشەی توێژینەوەکە خوی دەبینێتەوە لە گیروگازی پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن و دیموکراسی لەلایەك و لێکەوتەکانی ئەم گیروگازە بە سەرهەڵدانی سیستەمێکی نوێی سیاسی لەلایەکی دیکەوە.**

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵەدەدات وەلآمی سێ پرسیاری سەرەکی بداتەوە کەبەم شێوەیە :**

1. **مەبەست چیە لە چەمکەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسی ؟**
2. **هەڵبژاردن چۆن بەشداریدەکات لە چاککردنی واقیعی سیاسی و بە دیهاتنی دیموکراسیەت ؟**
3. **هەڵبژاردنی بێ دیموکراسی چ فۆرمێکمان لە سیستەمی سیاسی بۆ بەرهەم دەهێنێت؟**

**بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە گریمانەیەکی پێشنیار کردووە کە دەڵێت: هەرچەند هەڵبژاردن گرنگە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیەت، بەلآم مەرج نیە ئە نجامدانی هەڵبژاردن هەموو کات زەمینەی دروستکردنی دیموکراسیەت بڕەخسێنێت،**

**لەسەر بنەمای هەوڵدان بۆ وەلآمدانەوە و چەسپاندنی گریمانەکە،توێژینەوەکە دابەشدەکرێت بۆ چەند بەش و تەوەرێك بەم شێوەی خوارەوە:**

**بەشی یەکەم:چوارچێوەی تیۆری لە دوو تەوەردا تیشك دەخاتە سەر چەمکی هەڵبژاردن و دیموکراسی, بەشی دووەم تیشك دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن و دیموکراسی، بەشی سێیەمیش ئاماژە بە گیروگازی پەیوەندی نێوان دیموکراسی و هەڵبژاردن دەکات لە چوارچێوەی دوتەوەر تیشك دەخاتەسەر هەڵبژاردن بە بێ دیموکراسی و ستەمکاری رکابەری وەك دەرئە نجامی گیروگازیی نێوانیان.**

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری

### تەوەری یەکەم: چییەتی هەڵبژاردن

**لێکۆلەران لە زانستە کانی سیاسەت و یاسایی دەستوری و کۆمەڵناسی سیاسی ،لە بارەی چییەتی هەڵبژاردنەوە جیاکارن ،ئە مەش دەگەرێتەوە بۆ باکگراوەندە مەعریفییە کانیان لە لایەکەوەو نێوکۆ( سیاق ) کەلتووری و مێژوویەکانیان لە لایە کی ترەوە.**

**لە لەکۆتاییەکانی سەدەی سیازدەدا ئەم زاراوەیە لە زمانی فەرەنسی کۆندا بەکار هاتووە بە وشەی(** eleccion **) کە مانای(** "choice, election, selection" **)،کە لە بنەڕەتدا لە زمانی لاتینیەوە لە وشەی(** electionem **) (** nominative electio **) وەرگیراوە کە لەسەدەی دوازدەدا بەکارهاتووە لەم زمانەدا ،دواتر لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردەدا مانایەکی تیۆلۆژی وەرگرتووە.**[1]

**لە ڕووی زاراوەوە ( هەڵبژاردن-** Election **) لە فەرهەنگی(** Merriam webster **) دوو مانای هەیە :**

[1] http://www.dictionary.com/browse/election

1-ئەكتی دیاریكردن وهەڵاویركردن( An act or process of electing )،بۆ نموونه ( پاریزگارەكەی هەڵبژارد ).

2-واقیعی هەڵبژاردنی كەسێك( The fact of being elected )،بۆ نمونه (هەڵبژاردنەكەی بۆ سەرۆكی وڵات).[2] له فەرهەنگی (ئۆكسفۆرد)دا هاتووه كه (Election)بریتیه له(هەڵاویركردنێكی فەرمی و ڕێكخراوە لە ڕێگەی دەنگدانی كەسێكەوه بۆ پۆستێكی سیاسی یان هەر پۆستێكی دیكه.[3]

له ڕووی چەمكەوه ( هەڵبژاردن ) میكانیزمێكه له ڕێگەیەوه ،هاووڵاتیان ئه وكەسانه هەڵدەبژێرن كه ئەركی پیاده كردنی سەروەری و فەرمانڕەوایی كردنیان له بری خۆیان پێدەبەخشن ،له سەر ئاستی سیاسی وەك (سەرۆكایەتی، ویاسادانان) ، ئاستی كاریگەری وەك (هەڵبژاردنی شارەوانی) یان له سەر ئاستی كەرتەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەلتووری .[4] یان دەكرێت بوترێت كه (هەڵبژاردن) پرۆسەی وەرگرتنی بڕیاره كه تێیدا ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەیه دەنگدەدەن بۆ دیاریكردنی كەسێك یان كۆمەڵه كەسێك بۆ بەڕێوەبردنی كارو باری گشتی و كاركردن بەناوی ئەوانەوه.[5]

**تەوەری دووەم:چییەتی دیموكراسی**

كۆی ئەزموون و شارەزاییەكان چ كۆن چ نوێ ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەكەن، كه مرۆڤ بە شێكه له كۆمەڵ، واتا تاك ملكەچە بۆ ڕێز گرتن له هەندێك پێڕەو و جێبه جێكردنی هەندێك ڕێسا، ئەمەش بریتییه له واقیعی كۆمەڵایەتی دەسەڵات، به مشێوەش تێدەگەین له بنەمای كۆمەڵایەتی و دیاردەی سیاسی وپێویستی هەموو كۆمەڵگاكانی مرۆڤایەتی به دەسەڵات، بۆیه دەكرێت هه ركۆمەڵه یەك شێوه دەسەڵاتی تایبه ت به خۆی هەبێت[6]، پەیوەست به پرسی دەسەڵات له كۆكەڵگەدا چەمكی( دیموكراسی ) دەبێته بابەتی گفتووگۆی فەلسەفەی سیاسی و بیری سیاسی له كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

(دیموكراسی) كەزاراوەیەكی یۆنانیه وبەنزیكی مانای (فەرمانڕەوایی گەل) دەگەیەنێت، هەزاران ساڵه گفتووگۆی گەلێك بابەت دەكرێت پەیوەست بەم زاراوەیه، بەڵام تائێستاش پێناسەیەكی ئەم چەمكه نیه هەموو خەڵك لەسەری یەك ڕابن له جیهاندا، دیاره ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ گەلێك شت لەوانه دیموكراسی شتێكه له پێشكەوتن و گۆڕانی بەردەوامدایه، لەهەمان كاتدا گەلێك بابەتی دیكه هەیه كه پەیوەسته بەم چەمكەو كۆڕاییەك هەیه لەسەری وەك (یەكسانی له كەرامەتی مرۆڤەكان و مافەكانیان، ئازادی ڕادەربڕین، یەكسانی بەرامبەر یاسا، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد) كه ماناو

---

[2] https://www.merriam-webster.com/dictionary/election
[3] https://en.oxforddictionaries.com/definition/election
[4] الامين شريط،الوجيز في القانون الدستوري و المؤسسات الجزائرية،ديوان المطبوعات الجامعية،جزائر،2002،ص212
[5] مصطلحات المشاركة المدنية،ت:ناتالي سليمان،المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية،2009،ص18.
[6] ئێریك كیسلاسی،دیموكراسی و یەكسانی،و:حمەڕەشید،2017چاپخانەی سەردەم،چ3،سلێمانی،لا22

سنورەکانی چەمکی دیموکراسی دەگۆڕن لە جۆری پەیوەندیەکانیان پێوەی[7]، ئێمە لێرەدا باس لە ماناوڕهەندەکانی ئەم چەمکە دەکەین پەیوەست بە هەڵبژاردنەوە.

لە بەر ئەوەی لە دیموکراسیەتە کۆنەکاندا (یۆنانی ) مافە مەدەنی و سیاسییەکان لە ژمارەیەکی کەمی دانیشتواندا قەتیس کرابوو، بۆدەرکردنی یاسا وبڕیارەکان خەڵك بە شێوەیەکی راستە وخۆ بەشدار دەبوون، هەڵبژاردن رۆلێکی دیار و بەرچاوی نەبووە، لە سەر هەمان هێڵ لە سە دەکانی ناوەڕاستدا کە تاك هیچ رۆلێکی نەبووە لە چاو کۆمەڵگادا، تەنها چەند ئەنجوومەنێك هەبووە کە خەڵك تێیدا بەشداربووە، کە کارەکانیان کورتکرابووەوە لە چاچێوەی باج و پاراستنی دەستکەوتەکانی خۆیان، نەك بەشداری لە پیادەکردنی دەسەلاتی گشتی[8]، بەلام بە کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست و کاریگەری رێنیسانس وچاکسازی ئاینی، بەشداری سیاسی هاوولاتیان فراوان بوو، دیموکراسیەتیش چووە قۆناغێکی نوێ، لەم بارەوە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا لە دوای شەڕی ناوخۆیی بەریتانیا یاساناس ( رینبورو) گوزارشت لەم قۆناغە دەکات لە سیاقی پێشکەوتنی چەمکی دیموکراسیەتتدا و دەڵێت (ناکرێت و نابێت بۆ هەر مرۆڤێك لە بەریتانیا لە دایك بوویێت بە پێی شەریعەتی ئاسمانی یان یاسای سروشتی دوربخرێتەوە لە دیاریکردنی ئەوانەی کە ئەو یاسایانە دادەنێن کە ئەم لە ژێر سایەیدا دەژێت).[9]

لە دیموکراسییەتی نوێدا ،کە دیموکراسیەتی ناراستەوخۆو نوێنەرایەتییە هاوولاتیان دەتوانن نوێنەرانیان هەڵبژێرن تا بە ناوی هەموو گەلەوە دەسەلاتی سیاسی پیادە بکەن،کە پشت بە هەڵبژاردنی ئازاد و رێکخراو و شە فاف و پلو راليزم دەبەستێت .[10]

بەم جۆرە دەکرێت بڵێین (وەرچەرخانی دیموکراسی یەکەم ) لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی (پ. ز) بووکە یۆنانیە کۆنەکان فەرمانڕەوایەتیان لە فەرمانڕەوایەتی کەمینەوە گۆڕی بۆ فەرمانڕەوایەتی زۆرینە، دواتر ئەم شێوازەی دیموکراسی لە دەوڵەت-شاری یۆنانی بەهۆی هاتنی مۆدێلی (دەوڵەت-نەتەوە) وە لەناو چوو کە (وەرچەرخانی دیموکراسی دووەمە)، بە هۆیەوە چەمکی دیموکراسی گوازرایەوە بۆ ئەم چوارچێوە سیاسیە نوێیە کە زۆر فراوانبوو، وە پێویستی بە دامەزراوەی سیاسیی نوێ هەبوو، کەتێیدا دامەزراوە حکومیەکان وەك (Przeworski)[*] پسپۆڕی بواری زانستە سیاسیەکان دەڵێت (بەڕێوەبردنی پڕدەکرێتەوە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی داد پەروەرە وململانێکەرانەوە).[11]

---

[7] د.سامية خضر صالح،المشاركة السياسية و الديمقراطية،2005،ب م،ص50

[8] كمال الغالي، مبادئ القانون الدستوري والنظم السياسية .مطبعة الرياض، دمشق، 1981 ، ص197 .

[9] طوني بينيت،لورانس غروسبيرغ،ميغان موريس،مفاتيح اضطلاحية جديدة،معجم مصطلحات الثقافة و المجتمع،ت:سعيد الغانمي،المنظمة العربية للترجمة،ص333.ط1،بيروت،2010

[10] علي عباس مراد،ديمقراطية عصر العولمة،2007،دار النطبوعات الجامعية،ص64-65.

[*] پرۆفیسۆری پۆڵەندی ئەمریکی ،یەکێکە لە گرنگترین تیۆرسین و لێکۆڵەرانی بواری کۆمەڵگە دیموکراسیەکان،تیۆری دیموکراسی،ئابوری سیاسی،وە ئێستا لە پسپۆڕی زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی نیویۆرك کاردەکات.

[11] Election Administration and Democratization Process in Nigeria: An Appraisal of 2007-2015 Lawrence Ime Edet ،Acta Universitatis Danubius. Administratio, Vol 8,2016, No.

لەم چوارچێوە سیاسیە نوێیەدا بەگشتی میکانیزمی وەرگرتنی دەسەلآت یان بەرێگەی نادیموکراسیە وەك ( پشتاو پشت و دیاریکردن ) یان بە رێگەی ( هەڵبژاردن ) کە بە دەنگ و بەشداری تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت[12]. لێرەوە قسەکردن لەسەر پەیوەندی ئەم دوو گۆڕاوە ( هەڵبژاردن و دیموکراسی ) گرنگی پەیدا دەکات کە بابەتی گفتو گۆی بەشی دووەمی ئێمەیە.

## بەشی دووەم:سروشتی پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن و دیموکراسی

هەردوو چەمکی هەڵبژاردن و دیموکراسی،بەشێوەیەك پێکەوە گرێدراون بونەتە هاوواتای یەکتری، یان هیچ نەبێت تەواوکەری ماناکانی یەکترین بەهۆی سروشتی پەیوەندیەکی پتەو لەنێوانیاندا، هەربۆیە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ساڵی( 1948 ) هاتووە (ویستی گەل دەبێتە بنەمای دەسەلآت، ئەمەش گوزارشتی لێدەکرێت لە هەڵبژاردنێکی خولیی پاك وبەدەنگدانی گشتی، بەیەکسانی ونهێنی وئازادانە )[13]. بەم جۆرە ڕووندەبێتەوە سیستەمە دیموکراسیەکان بەشداری سیاسی بۆ هەر هاولآتیەك دەکاتە ماف، کە بەهۆیەوە بەشداریدەکات لە گەیشتنی فەرمانڕەوای زۆرینە بە دەسەلآت، کە خودی دیموکراسی پێویستی پێیەتی بۆ تەواوکردنی ماناکەی.[14]

سیستەمە دیموکراسییە نوێیەکان بە لای کەمەوە چوار پێوانەی تێدا کۆدەبێتەوە کە پەیوەستن بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە،ئەوانیش[15]:

1-هەلآوێرکردنی دەستەی دەسەلآتی یاسادانان وجێبەجێکردن بەهەڵبژاردنی کراوەو ئازاد وداد پەروەرانە.

2-هەموو پێگەیشتووانی وولآت مافی دەنگدانی هەبێت بە شێوەیەکی ڕاستە قینە.

3-مافە سیاسییەکان وئازادییە مەدەنییەکان ،وەك ( ئازادی رۆژنامە وانی وکۆمەڵە دروستکردن وئازادی رەخنە گرتن لە دەسەلآت )پارێزراو بن.

4-دەسەلآتی هەڵبژێردراو مافی بەڕێوەبردن و دەسەلآتدارێتی ڕاستەقینەی هەبێت بۆ فەرمانڕەوایی کردن.

لەم ڕوانگەوە چۆنێتی هەڵبژاردن و ڕێکارەکانی ئە نجامدانی دەبێتە پێویستی و گەلێك مەرج دادەنرێت بۆ بەڕێوەچوونی بەشێوەیەکی پاك دروست کە لە خزمەتی چەسپاندنی بەها و ڕێساکانی دیموکراسی نوێنەرایەتیدا بێت لە کۆمەڵگەدا.لەو مەرجانە :-[16]

1-هەموو هاوولآتیان مافی دەنگدان و بەشداریان هەبێت لە کاروباری گشتی ولآت.

---

[12] د.سامية خضر صالح،المشاركة السياسية و الديمقراطية،2005،ب م،ص51

[13] [13] Why elections are bad for democracy، David Van Reybrouck، https://www.theguardian.com/politics/2016/jun/29/why-elections-are-bad-for-democracy

[14] جلين تندر،الفكر السياسي الاسئلة الابدية،ت:محمد مصطفى،ط1،الجمعية المصرية للمعرفة و الثقافة العالمية،قاهرة،1993،ص108-109

[15] Steven Levitsky and Lucan A. Way, Elections Without Democracy: The Rice of Competitive Authoritarianism, journal of democracy , Volume 13 ،Number 2 April 2002 ,p53

[16] عبدو سعد،علي مقلد،عصام نعمة اسماعيل،النظم الانتخابية،ط1،منشورات الحلبي الحقوقية،بيروت،2005،ص27-28

2-ئەنجامدانی هەڵبژارنەکان بە شێوەیەکی خولیی (الدوری) کە دەسەبەری مافە کانی هاوڵاتیان بکات.

3-ڕێککارەکانی دەنگدان دەسەبەری نهێنی دەنگدان وئازادی هەلاوێرکردن ودروستی جیاکردنەوەی کارتەکانی دەنگدان بکات.

4-چاودێری وبەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە لایەن دەستەیەکی سەر بەخۆ لە هەموو دەسەلأتەکانی تری دەوڵەت.

ئەگەر بەم شێوازە بێت (هەڵبژاردن) دەبێتە نوێنەرایەتیەکی دادپەروەرانە بۆ هەموو دەستەو کۆمەڵە وهێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ودەروازەی ڕاستەقینە دەبێت بەرەو دیموکراسی.[17]

هەرچەند لە سیستەمە تە واو دیموکراسییەکانیشدا یەکێك یان زیاتری ئەم پێوانانە دەکرێت رووبە رووی پێشێلکاری ببنەوە، بەلأم بە شێوە یەکی ڕێکخراو وبەرنامە بۆ دارێژراو نیە، وەك لە سیستەمە دەسەلأتخوازەکاندا هەیە .[18]

ژینگەی گونجاو بۆ کاراکردنی (هەڵبژاردن)، بۆ ئەوەی ڕۆڵی سیاسی چاوەڕوانکراوی خۆی ببینێت، پێویستی بە هەندێك پێشمەرجی سیاسی و یاسایی و دامەزراوەیی هەیە کە بریتین لە :-

1-فەراهەمی ئازادی بۆ هاووڵاتی دوور لە هەر زۆرکردنێك (ئاشکراو وبەشاراوەیی) وەك میکانیزمەکانی (ترساندن،کڕینی دەنگ، لاسکردن(الترغيب).

2-پەیوەستبوون بە پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلأت،چونکە هەڵبژاردن بەرجەستەکەری ئەوەیە کە کە هاولأتی دەتوانێت فەرمانڕەواکانی هەڵبژێرێت یان دوریانبخاتەوە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی.

3-ئازادی دروستکردنی پارتی سیاسی وئەنجامدانی ململانێ ی سیاسی لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بەمەرجێك ئەم پارتانە خۆیان پەیوەستبن بە مەرجەکانی کاری سیاسی بەشێوەی ئاشتیانە و پەنانەبردنە بەر توندوتیژی و هێز.

4-هەبوونی دەسەلأتی دادوەری سەربەخۆ و کارا لە ڕێگەگرتن لە دەسەلأتداران لە خراپ بەکارهێنانی دەسەلأت و ڕاگەیاندنی(الاعلام) سەربەخۆ بۆ چاودێریکردن.

5-هەبوونی یاسای هەڵبژاردنی دادپەروەرد و مۆدێرن .[19]

ئاشکرایە کاتێك مرۆڤ ئەتوانێت بەشدارییکات لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆیدا بە ئازادی لە سیستەمی سیاسیدا، هەست بەکاریگەری خۆی دەکات وەك هاولأتی، تادەگاتە ئاستێکی پێشکەوتوو کەئەویش ململانێی ئازادانەی نێوان

---

[17] العم راوي فريدةازمة الشرعية في الانظمة السياسية العربية،دراسة حالة مصر،رسالة ماجستير غير منشورة،جامعة محمد خيضر،كلية الحقوق و العلوم السياسية،2013-2014،ص26

[18] Steven Levitsky and Lucan A. Way, Elections Without Democracy,Ibid,p53

[19] د.رفيق عبد السلام، الانتخابات العربية، اولويات خاطئة، مجلة الديمقراطية، عدد39، 2012،ص2

كاندیدانه بۆ بەڕێوەبردن وگرتنە دەستی پۆستە باڵاكانی دەوڵەت.[20] چەمكی بەشداری سیاسی (هەڵبژاردن) دەكاتە میكانیزمێك بۆ بەرجەستەكردن و كاریگەر بوونی، بۆیە ناكرێت هەڵبژاردن بەتەنها وەك ئەكتێكی یاسایی و هونەری تەماشا بكرێت بەڵكو پرۆسەیەكی سیاسیە كاریگەری قوڵی هەیە لەسەر پانتایی سیاسی وڵات، تاكە ڕێگەیە بۆ جێبەجێكردنی دیموكراسیەتی لیبراڵی نوێنەرایەتی لە سێبەری زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و قورسی كۆبونەوەیان لە شوێنێكدا وەك لە دیموكراسیەتی ڕاستەوخۆدا هەبووە.[21]

لە لایەكی دیكەوە (هەڵبژاردن) ڕۆڵێكی گرنی دەبێت لە بڵاوكردنەوەی پەروەدەی سیاسی گشتی بۆ هاوڵاتیان پەیوەست بەئەرك و مافەكانیان لە فەزای گشتیدا چ لە پێش و چ لەكاتی پرۆسەكەدا لە ڕێگەی بەرنامە و پلان و ڕاگەیاندنی پارتەسیاسیەكان و كاندیدەكانیانەوە،كە جۆرێك لە هۆشیاری لای تاك دروست دەكات ،هەتا ئاستی هۆشیاری تاك بەرزتر بێت ئاستی بەشداری سیاسی زیاتر دەبێت،هەتا بەشداری سیاسی فراوانتر بێت ئەگەری بنیاتنانی دەسەڵاتی دیموكراسی نزیكتر دەبێت .[22]

سیستەمەكانی هەڵبژاردن (زۆرینە،نوێنەرایەتی ڕێژەیی) كە بەگوێرەی بارودۆخی سیاسی وكۆمەڵایەی وكەلتوری كۆمەڵگە جیاوازەكان وپەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانیان وپێگەیشتویی پرەنسیپەدیموكراسیەكان وجۆری سیستەمە حیزبیەكان دەگۆڕێت، كاریگەری بەرچاوی هەیە لە ڕۆڵی هەڵبژاردن لە پێشخستنی دیموكراسیەتدا، بەتایبەت لەو كۆمەڵگایانەی كە لە قۆناغی گوزەردان بۆ دیموكراسی وزەمینەسازی كەلتوری لاوازە بۆ بەرقەراربوونی سیستەمی دیموكراسی ڕاستەقینە ،سیستەمی (نوێنەرایەتی ڕێژەیی) گرنگتر وپێویستترە چونكە دەبێتە ڕەنگدانەوەی هێزە سیاسیە جیاوازەكان و هەل دەبەخشێتە هێزە سیاسیەكان بۆ دەركەوتن و گەشەكردن و هێزە نوێیەكان كارا دەكات، كە دەكرێت بڵێین نوێنەرایەتیەكی داد پەروەرانە دەبێت وڕێژەیەكی باشی هێزەسیاسیەكان بەشدار دەبن لە بەڕێوەبردنی وڵات.[23]

لەم نێوەندەدا فاكتەرێكی دیكەی گرنگی پاڵنەر بۆ كاراكردنی ڕۆڵی هەڵبژاردن بەكارێنانی دەنگدانی ئەلیكترۆنیە بە بەكارهێنانی سیتەمی بایۆمەتری وهۆكارەكانی پەیوەندی هاوچەرخ (ئینترنێت)، لەبەر ئەوەی ئاستی بەشداری سیاسی بەرزدەكاتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی دەنگدان كە هاووڵاتی دەتوانێت لە جێگای خۆیەوە دەنگبدات،كەمكردنەوەی هەلی ساختەكردن، كەمی تێچوون، سەلامەتی لەڕووی ئاسایشەوە وخێرایی لە دەركردنی ئە نجامەكان و ڕاگەیاندنیان.[24]

لە بیری سیاسی هاوچەرخدا باسی دیاردەیەك دەكرێت بەناوی (قەیرانی دیموكراسیەتی هاوچەرخ)كە بەشێكی زۆری سیماكانی پەیوەستن پرۆسەی (هەڵبژاردن)ەوە، لەوانە :-

---

[20] احمد صابر جدحو، مبادئ و مقومات الديمقراطية، مجلة الفكر، عدد5،ص335

[21] د.اسماعيل عبدالفتاح الكافي ،الموسوعة الميسرة للمصطلحات السياسية(عربي-انجليزي)،دار الكتب العربية، ص59

[22] عبد الفتاح ماضي, مفهوم الانتخابات الديمقراطية،من موقع الكتروني: ،https://www.achr.eu/art220.htm#_ftn2

[23] عصام نعمة اسماعيل, النظم الانتخابية, دراسة حول العلاقة بين النظام السياسي والنظام الانتخابي ( دراسة مقارنة ) لبنان, منشورات زين الحقوقية 2009,ص253 ومابعدها

[24] Ibid,149-150

1-قەیرانی دەنگدان كە بریتیە لە كەمبونەوەی ڕێژەی دەنگدان و بەرزبوونەوەی ڕێژەكە،بۆ نموونە لە ساڵی 2002( 30٪ لە فەرەنسا ،40٪ لە بەریتانیا ).

2-هەرەسی نموونەی (دەنگدەری پێگەیشتوو)كە تیۆری لیبراڵی بانگەشەی بۆدەكرد، بەوەی دەنگدەر دەنگدەرێكی عەقلانیە ودونیابینیەكی دروستی هەیە وبڕیاری دروست دەدات لە هەڵبژاردنەكاندا لە فەزایەكی ئازاد وبێ پەستاندا، بەلأم واقیع پێچەوانەی ئەمەی سەلماند، بە هەبوونی كاریگەری سیاسی وكۆمەلأیەتی وڕاگەیاندن، كەوای لێدەكات فەزای ئازادو بیركردنەوەو بڕیاردانی نەمێنێت یان سنورداربێت.

3- هەڵبژاردن خەریكە دەبێتە قیبلەنمایەك بۆ ئاشكراكردن ودیاریكردنی گۆڕانكاری هێزە سیاسیەكان وپێكهاتە كۆمەلأیەتیەكان، بۆنموونە دەركەوتنی هێزە ڕاستڕەوە توندڕەوەكان لەولأتە ئەوروپیەكان.[25]

هۆكارەكان زۆرن یەك لەوانە لەقۆناغی ڕاگوزەری دیموكراسیدا حكومەتەكان یان وردتر بڵێین پارتە دەسەلأتدارەكان كارەكتەرێكی بێلایەن نین بەهۆی ململانێی دەسەلأتەوە لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن وكاریگەری لەسەر لیژنەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، كە كاریگەریەكی نێگەتیڤیان هەیە.[26] خاڵێكی دیكە ئەوەیە ئەو كۆمەڵگایانە بەدەست دابەشبونێكی قووڵی سیاسی و كۆمەلأیەتیەوە گیرۆدەن، ئامانجی دەنگدەر لە هەڵبژاردنەكاندا نابێتە دیاریكردنی نوێنەرانی لە پەرلەمان یان هەڵبژاردنی فەرمانڕەواكان، ئەوەندەی دەبێتە شكستپێهێنانی هێزەكانی دیكە ودورخستنەوەیان لە دەسەلأت ولەڕێگەیەوە دەستگەیشتن بە داهات، بە (هەڵبژاردن) ئەم دەنگدەرانە گوزارشت لە هەڵوێستی سیاسی خۆیان دەكەن، بۆ یە دواتر ئەو سیستەمە سیاسیە نەك ململانێی مەدەنیانە فەراهەم ناكات بەڵكو دابەشبوونە كۆمەڵگەییەكان بەرهەم دەهێنێتەوە[27]. بەم جۆرە هاولأتیان هەست بە سودێكی بەرجەستە كراو ناكەن لە دەرەنجامی هەڵبژاردنەكان، ئاستی هەژاری وبێكاری وەك خۆی دەبێت، كەرتی خزمەتگوزاری وەك خۆی یان خراپتر دەبێت،بۆیە خەڵك توشی گوێپێنەدان و دابڕانی دەبێت لە دەسەلأت و دەزانێت دەنگی ئەو كاریگەری نابێت .[28]

هەر ئەم پاڵنەرانەش ڕێگەخۆشكەر دەبن بۆ بانگەشەی گەڕانەوە بۆ دیموكراسیەتی ڕاستەوخۆی یۆنانی كۆن و دیاریكردنی فەرمانڕەواو كاربەدەستانی كاروباری گشتی دەكەن لە ڕێگەی تیروپشكەوە، بەو بیانووەی پێویست ناكات هەموو دەنگبدەن لە سەر بابەتێك كە كەمیان لێی تێدەگەن بۆیە بەشداری و گفتوگۆی ژمارەیەكی كەمی شارەزا لە هاوولأتیان لە كاروباری گشتی دیموكراسی بە زیندووی دەهێڵێتەوە نەك هەڵبژاردن وەك (David Van Reybrouck) كە نوسەرێكی

---

[25] القيمة السياسية والفلسفية للعملية الانتخابية،د. ثناء فؤاد عبد الله، مجلة الديموقراطية، 151http://democracy.ahram.org.eg/UI/Front/InnerPrint.aspx?NewsID=

[26] Makoa, F.K ,(1999) The Challenges of the South African Military Intervention in Lesotho After the 1998Elections, in Lesotho Social Science Review, 5, 1June,p89

[27] ئێریك كیسلاسی،دیموكراسی و یەكسانی،و:حمەڕەشید،2017چاپخانەی سەردەم،چ3،سلێمانی،لا22

Makoa, F.K. (1997), A Lesotho voter and elections: A note on the 1998 General Election, in Lesotho Social Science Review, 3, 2 ,p22

[28] , Oluwakemi Amudat Ayanleye,ELECTIONS AS A TOOL OF DEMOCRATIZATION IN AFRICA, Ontario International Development Agency ,2013,p150

بەلجیکیە لە دوا کتێبیدا بەناوی (دژی هەڵبژاردن) دەڵێت (سیستەمی دەنگدانمان بۆ چەند سەدەیەك بەباشی کاریکرد، بەلام ئێستا شکاوو خراپە، ڕێگەی نوێ هەیە بۆ دەنگدانی خەڵك).[29]

کەواتە تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ولاتێکدا مانای ئەوە نیە کە سیستەمی سیاسی ئەو ولاتە دەر چووە لە پانتایی دەوڵەتە دەسەلاتخواز وتۆتالیتارەکان وبووەتە دیموکراسی بەبێ باوەڕی دەستەبژێری فەرمانڕەوا بە پێویستی گوزەری ئاشتیانە بەرەو دیموکراسی فرەیی و ڕێککەوتن لە نێوان حکومەت وئوپۆزسیۆن لەسەر ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ڕووی کارگێڕی و ڕێکخستنیەوە لەگەڵ هەبوونی چاودێری بێلایەن بۆ سەرپەرشتی و چاودێری بەڕێوەچوونی پرۆسەیەکی پاك و بێساختەکاری.[30]، بە پێچەوانەوە دەکەوینەبەردەم سیستەمگەلێکی نادیموکراس لە ژێر ناوو ناونیشانی جیاوازدا کە لە بەشی دووەمدا قسەی لەسەر دەکەین.

## بەشی سێیەم: گیروگازی پەیوەندی هەڵبژاردن و دیموکراسی

هەڵبژاردن ودیموکراسی وەك باسمان کرد دوو گۆڕاوی پێکەوە گریدراواون وپەیوەندیەکی توندوتوڵیان هەیە، هەربۆیە لەسەر ئەو بنەمایە هیچ سیستەمێك بێ هەڵبژاردن ناکرێت پێی بگوترێت دیموکراسی، لە هەمانکدا ئەم پەیوەندیە توندو تۆڵەی نێوانیان گیروگازی خۆی هەیە، لەسەر ئەم بنەمایەش دەکرێت بپرسین بونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ولاتێك ئەوە دەگەیەنێت کە سیستەمەکە دیموکراسیە؟ یان بە مانایەکی تر، دەکرێت ولاتێك کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدرێت پێی بوترێت سیستەمەکەی دیموکراسیە؟

ئەم تێروانینە بۆ پەیوەندی هەڵبژارد ن و دیموکراسی نوێیە، بە تایبەت لە دوای سەرهەڵدانی شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی کەلە دوای سالی (1991) دەرئەنجامی گۆڕانی خێرای ئابووری، کومەلایەتی و سیاسی لە ژمارەیەکی زۆر لە ولاتان لە جیهان کە نزیکەی 50 ولات دەبون لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو وهاوپەیمانەکانی لە ئەوروپای رۆژهەلات و و ئاسیا و ئەمریکایی لاتینی و ئەفریقیا دەستیان کرد بە پرۆسەی راگوزەری دیموکراسی و سیستەمی سیاسیان گۆڕا بۆ دیموکراسی[31]، بەلام پاش ماوەیەك ئەم پرۆسەیە توشی تەنگەژە هات لە هەندێك ولات، ڕێچکەی پێچەوانەیان گرتەبەر نەیاتوانی قۆناغی دیمکراتیزەکردن[32] تەواو بکەن جۆرێکی تریان لە سیستەمی نادیموکراسی هێنایە بوون، سەرەرای ئەوەی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرا بەلام نەدەچونە چوارچێوەی پێوەرەکانی سیتەمێکی دیموکراسی، بۆ زیاتر رونکردنەوەی گیروگازی پەیوەندی هەڵبژاردن و دیموکراسی ئەم بەشە دابەش دەکەین بە دوو تەوەر :

### تەوەری یەکەم / هەڵبژاردن بەبێ دیموکراسی

---

[29] Why elections are bad for democracy، David Van Reybrouck، https://www.theguardian.com/politics/2016/jun/29/why-elections-are-bad-for-democracy

[30] د.عبدالجبار احمد،الانتخابات و التحول الديمقراطي في العراق، مجلة العلوم السياسية، جامعة بغداد، ص122

[31] صاموئيل هانتجتون، ترجمة: د. عبدالوهاب علوب، الموجة الثالثة: التحول الديمقراطي في اواخر القرن العشرين، مركز ابن خلدون للدراسات الإنمائية و دار سعاد الصباح، الطبعة الأولى ، القاهرة، 1993

[32] ژاك رانسێر، رق لە دیموکراسی ،وەرگێرانی : ئەرسەلان ئەفراسیاو و ناجی ئەفراسیاو، دەزگایی رۆشنبیری جمال عیرفان، سلیمانی، نۆرەی چاپ 2017، لا60.

لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد ولآتانی جیهان کرانەوەو بەرەو پێشەوە چونی بەخۆیەوە بینی بە گواستنەوەی سیستەمی سیاسیی بەرەو دیموکراسی, چونکە کەوتنی بلوکی رۆژهەلآت زەمینەی خۆش کرد بۆ پەرینەوە و گوزەر بەرەو سیستەمی دیموکراسی, بەشێك لە بیرمەندان بە گەشبینیەوە لەم قۆناغەیان روانی بە سەرکەوتنی لیبرالیزم و کوتایهاتنی بە ژینگەی سیستەمی ستەمکاری داخراو هەژماریان کرد و بە شەپۆلی سێیەمی دیموکراسیان ناوبرد ،کە تەنها لەسنورەکانی ئەوروپا نەمایەوە بەلکو شکلێکی جیهانی لەخۆگرت, دواتر ئەم پرۆسەی گوزەری دیموکراسیە توشی ئالنگاری بویەوە, چونکە ئەگەرچی بەشێك لەولآتان سەرکەوتوبون بە بەرقەرارکردنی سیستەمی دیموکراسی, لەهەمان کاتدا بەشێکی تریان کەمتر پایەکانی دیموکراسی تیایاندا بەرقەرار بوو، لە هەمانکاتدا هەندێك ولآتی تر بونەوە هەلگری پایەکانی سیستەمی ستەمکاری بەلآم بەفۆرمی نوێ [33].

یەکێك لە سیما دیارەکانی شەپۆلی سێیەم دیموکراسی گەشەکردنی لەرادەبەدەری لە ژمارەیەك سیستەم کە نادیموکراسی نیە بە رونی, هەروەها ستەمکاری تەقلیدیش نیە.

سیستەمی دیموکراسی پایەکانی خۆی لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەلآیەتی و دەسەلآتی یاسا و فەرمانرەوایی لەسەر بنەمای قەبولکردن یان سازان و زۆرینە راگرتوە, دامودەزگا ی تێیدا رۆڵ ئەبینێت نوێنەرایەتیکردن گشتگیرە و دەسەلآتەکان دابەشکراوە , هەروەها لێپرسینەوە دەستاودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەلآت هەیە.[34] لەبەرامبەردا سیستەمی ستەمکاری خۆی لەسەر کومەلێك پایە راگرتوە کە دژە بە پایەکانی سیستەمی دیموکراسی.

ئەگەر پێوەرەکانی دیموکراسی بەکار بهێنین ئەوا ئەم سیستەمە دیموکراسی نیە، چونکە پێوەرەکانی دیموکراسی تەنها هەلبژاردن ناگرێتەوە بەلکو پاراستی ماف و ئازادیە مەدەنیەکان لەسایەی یاساش لەخۆ دەگرێت, لەلایەکی تریشەوە بەشێك لە دیموکراسیەکانی شەپۆلی سێیەم لیبرالی نین[35], لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەم ولآتانە فرە حزبی تێدا رەچاو دەکرێت لە بەشێکی تریان فرە حزبی سنوردارە یان داخراوە, کە ئەمانەش پێچەوانەی پێوەرەکانی سیستەمی ستەمکارین[36].

لە دوای ئەم پرۆسەیە توێژینەوەکان ئاماژەیان بۆ ئەوەدەکرد ئەم فۆرمە بۆخۆی سیستەمێکی نوێیە ناکرێت تێکەڵ بکرێت بە سیستەمی دیموکراسی یان ستەمکاری یان هەر جۆرە لە سیستەمێکی تر, بە مانایەکی تر سیستەمێکی رەسەنە لە رووی چییەتیەوە تەواو جیاوازە لە گەڵ فۆرمەکانی تری سیستەمی ستەمکاری ودیموکراسی[37], هەروەها ئەم سیستەمەشیان بە ناوی جۆراو جۆر ناودەبرد, چەمکی سیستەمی دوو رەگ (Hybrid Regime) دیاریترین ئەو چەمکانە بوو کە بۆ ئەم

---

[33] بلال الشوبكي, الأنظمة الهجينة , سياسات عربية, العدد 25, مارس 2017, ص8

[34] فالح عبدالجبار, الديمقراطية: مقاربة سوسيولوجية تاريخية, معهد الدراسات الاستراتيجية, الطبعة الاولى, بغداد- بيروت,2006, ص28.

[35] كۆمەڵێك نوسەر , دیموکراسی: بیرۆکەیەك لە تازەبونەوە دا,دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ,چاپی یەکەم 2016 , سلیمانی, لا 138 .

[36] Diamond, Larry Jay, Thinking About Hybrid Regimes, Journal of Democracy, Volume 13, Number 2, April 2002,p25

[37] محەمەد سەبیلا, بۆ سیاسەت بە سیاسەت: لە بارەی توێکاری سیاسیەوە, وەرگێرانی هەلکەوت عەبدولآ, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلیمانی,چاپی یەکەم، 2009, لا 146.

جۆرە سیستەمە بەکارهێنرا لە لایەن تێری لین کارل (Terry Lynn Karl)، بە مانایەکی تر ئەم چەمکە بۆ ئەو وڵاتانەی بەکارهێنا کە بەشێك لە پایەکانی سیستەمی دیموکراسی و ستەمکاری پێکەوە بەکاردەهێنن[38]، هەروەها توێژەران ناوی جیاواز وجۆربەجۆریان لەم جۆرە لە سیستەمە نا لەوانەش : (دیموکراسی ستەمکاری، دیموکراسی پشتاوپشتی نوێ، دیموکراسی هەژمونگەری سوپاسالاری). بەڵام دواتر ئەم ناوهێنانی دیموکراسیە بە پاشگرەوە رەخنەی لێگیرا لە لایەن توێژەرانی ترە بە پاساوی ئەوەی رێگەخۆشکەرە بۆ جوانکاری ئەم سیستەمە دورەگە لە کاتێکدا کە بەشێکی کەم و روکەشی پایەکانی دیموکراسی هەڵگرتوە، هەربۆیە وەك پەرچەکردرا زاراوەی ستەمکاریان بە پاشگرەوە بەکارهێنا وەك ( ستەمکاری هەڵبژاردن، ستەمکاری رکابەری، نیمچە ستەمکار، ستەمکاری نەرم [39] ، بەڵام دواتر تێزێکی نوێ لەلایەن ستیڤین لیڤیتسکی و لوکان ( Steven Levitsky and Lucan A. Way ) بەناونیشانی ستەمکاری رکابەری ( The Rice of Competitive ) بو بەبنەما بۆ زۆرێك لەئەو توێژینەوانەی لە بورای سیستەمی دوورەگ ( Hybrid Regime) ئەنجام ئەدران، لەسەر ئەو بنەمایەش توێژەران لەم توێژینەوەیەدا ستەمکاری رکابەری دەکەنە بنەمای دەرئەنجامی ئەو لێکەوتانەی کە لە شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی کەوتنەوە.

**تەوەری دووەم/ ستەمکاری رکابەری**

لە پێش ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم گفتوگۆکان لەسەر جۆرەکان سیستەمی سیاسی خۆی دەبینیەوە لە باسکردنی جیاوازیەکان لە نێوان سیستەمی دەسەڵا تخوازی و سوپاسالاری و و سوڵتانیزم، بەڵام لە دوای شەپۆلی سێیەم دیموکراسی وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد گفتوگۆکان چربونەتەوە لە سەر جۆرەکانی سیستەمی دیموکراسی و ستەمکاری[40]. لە دیارترین ئەو سیستەمانەش سیستەمی ستەمکاری رکابەریە کە بەرئەنجام لێکەوتەکانی شەپۆلی سێیەم دیموکراسیە.

سیستەمی ستەمکاری رکابەری یان ستەمکاری هەڵبژاردن، مومارەسەی دیموکراسی ناکات هەروەها بە رێکخراوی مومارەسەی کوشتوبری ئاشکرا ناکات، بەڵکو لەرێگەی رێکخستنی هەڵبژاردنی خولیی، هەوڵ ئەدەن جۆرێك رەوایەتی لەرێگەی دیموکراسی بەدەست بهێننەوە، بە ئومیدی رازیکردنی هاونیشتمانیان لە ناوخۆی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لە دەروە. بەمەش هەڵبژاردنەکان دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی مەرجی سنوردارکردنی دەسەڵات، هەوڵی ئەوە دەدەن کە لەرێگەیەوە دەسەڵات لە ژێر دەستیان بمێنیتەوە بەبەردەوامی. ئامانجیان بەدەستهێنانەوەی رەوایەتیە لە رێگەی هەڵبژاردن نەك بروابونیان بە پرۆسەکە[41].

[38] سِلین بولي، ترجمة جلال خشيب، جذور الإستبداد في الشرق الأوسط، مركز إدراك للدراسات والاستشارات،2017، ص8.

[39] Steven Levitsky and Lucan A. Way, Elections Without Democracy,Ibid,p 51.

[40] فالح عبدالجبار، الديمقراطية: مقاربة سوسيولوجية تاريخية، المصدر سبق ذكره، ص20.

[41] Andreas Schedler, Elections Without Democracy: The Menu of Manipulation, journal of democracy, Volume 13 ، Number 2 April 2002,p 38.

بۆ دیاریكردنی سیستەمێك كە ئایا دیموكراسیە یان ستەمكاری ركابەریە دەزگای (Freedom House) لە ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا داهێنانێكی نوێیكرد بە خستنە رووی كۆمەڵێك پێوەری دیاری كراو بۆ دیاركردنی ئاستی ئازادی لە ولاَتێك كە ئایا تا چەند ئازادە یان كەم ئازادە یان هەر ئازادی تێدا نیە[42].

**یەكەم / هەڵبژاردن لە سیستەمی ستەمكاری ركابەری**

لە دوای سەرهەڵدانی سیستەمی ستەمكاری ركابەری كۆمەڵێك تێزی نوێ ئاماژەیان بە رۆڵی هەڵبژاردن كرد لە بەردەوامی سیستەمی ستەمكاری,لەكاتێدا پێشتر بە گەشبینییەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەروانرا بۆ دیمكراتیزەكردنی ولاَتان [43],چونكە سیستەمە ستەمكاریە ركابەریەكان رێگە نادرێت هەڵبژاردنێك ئەنجام بدرێت كە گۆرانی سیاسی گرنگ بخولقێنێت, بەڵكو هەڵبژاردن و راپرسی بۆ ئەوەیە وا خۆی پیشانبدات كە دیموكراسیە, ئەگەرنا ئەم هەڵبژاردنانە تەنها پروسەكی روكەشیە بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی هاولاَتیان بە هەڵبژاردنی ئەو كاندیدانەی كە لە پرۆسەیەكی ئاڵوز و پر لە چاودێری ورد رێگەیان پێدراوە خۆیان كاندید بكەن, یان بە ناچاری و لە ژێر فشاردا دەسەلاَتدارە ستەمكارەكان ناچار دەكرێت كە هەڵبژاردن ئەنجام بدەن, بەلاَم دەسەلاَتدارە ستەمكارەكان یاری بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان دەكەن بۆ ئەوەی دەرئەنجامەكانی بە ویستی خۆیان بێت, خۆ ئەگەر رێگە بە كەسایەتیە ئۆپۆزسیونەكانیش بدەن خویان كاندید بكەن و دواتریش دەنگ بهێنن, ئەوا یاخود دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان پشتگوێ دەخەن یاخود هەڵبژێردراوەكەی ئۆپۆزسیون روبەروی ترس و توقاندن و دەستبەسەركردن و تەنانەت لەسێدارەدانیش دەبێتەوە وەك ئەوەی لە بورما لە ساڵی( 1990 ) ونێجیریا لە ( )1993 رویدا[44]. بە مانایەكی تر دەسەلاَتدارە ستەمكارەكان رێگە نادەن هەڵبژاردن ببێتە مایەی لابردنیان لە عەرشی دەسەلاَت.

خوان لینز، سیمور مارتن، ئەم جۆرە سیستەمە بە نیمچە دیموكراسی ناودەبەن كە ئەو سیستەمە لەخۆ دەگرێت كە دەسەلاَتی راستەقینەی بەرپرسە هەڵبژێردراوەكان زۆر سنوردارە, یان كێبەركێی پارتە سیاسیەكان سنوردارە، یان ئازادی و پاكێتی هەڵبژاردنەكان سنوردارە, هەروەها ئازادیە سیاسیەكان زۆر سنوردارکراوە بە شێوەیەك هەندێك ئاراستەی سیاسی رێگە پێدراو نیە و ناتوانن گوزارشت لەخۆیان بكەن[45], بونمونە( سەنیگال و زیمبابوێ, مالیزیا و تایلاند) لە ساڵانی (1980– 1988). هەروەها نەوەدەكانی سەدەی بیستەم و لەسەروبەندی جەنگی كەنداو ولایەتەیەكگرتوەكانی ئەمریكا و ولاَتانی ئەوروپا بایەخیان بە پروسەی بە دیمكراتیزەكردندا لە ولاَتانی رۆژهەلاَت بە پاڵپشتی كردنی چاكسازی سیاسی, بەلاَم ئەم پاڵپشتی كردنە نەگەیشتە ئامانجی خۆی بەڵكو بە پێچەوانەوە بو بەرێگر لە بەردەمیدا, سەركردە ستەمكارەكانی رۆژهەلاَتی ناوەراست هاوكاریەكانی ولاَتانی رۆژئاوا و پرۆسەی هەڵبژاردنیان كردە ئامرازێك بۆ بەهێزكردن

---

[42] جين شارب من الدكتاتورية إلى الديمقراطية: إطار تصورى لتحرر, مؤسسة البرت انشتاين, الطبعة الثانية, ولايات المتحدة الامريكية – بوسطن, 2003, ص11

[43] سِلين بولي, جذور الإستبداد في الشرق الأوسط, المصدر سبق ذكره, ص10.

[44] جين شارب, من الدكتاتورية إلى الديمقراطية: إطار تصورى لتحرر, المصدر سبق ذكره, ص13

[45] Diamond, Larry Jay, Thinking About Hybrid Regimes,Ibid,p25

خۆیان و جێیێ قایمترکردنی دەسەلاتیان[46], هەڵبژاردنیان کردە پاساو بۆمانەوەیان لە دەسەلات و لەو ڕێگەوە ڕەوایەتی خۆیانیان پێ نوێدەکردەوە. چونکە بایەخدانیان بە بەهەڵبژاردن رواڵەتی بوو.[47]

بە مانایەکی تر ستەمکاری ڕکابەری بەوە دەناسرێتەوە کە سیستەمی هەڵبژاردن روکەشیە, بەو مانایەیی دامودەزگای ڕکابەری هەیە بەلاَم ئەوەناگەیەنێت کە ململانێ لەسەر دەسەلات هەیە بۆنمونە وەك میصر و سەنگافۆرە و ئۆزبەکستان لە نەوەدەکان, هەروەها ئەم سیستەمە دیموکراسی درۆینە و دیموکراسی گریمانەیشیان پێدەوترێت[48]

**دووەم / ئاراستەکانی ستەمکاری ڕکابەری**

ئەگەر چی سیستەمی ستەمکاری ڕکابەری دیاریدەیەکی نوێ نیە بە ڵکو پێشوتر لە ڕۆژهەلاتی ئەوروپای ناوەراست لە ساڵانی ( 1920 ) و هەروەها ئەرجەنتین ( 1946-1955), هەبوە بەڵام لە دوای ساڵی ( 1991 ) سەرلەنوێ تەشەنەی کرد, جیاکاری لە نێو خودی خێزانی سیستەمی ستەمکاری ڕکابەری هەیە, کە جیاوازی قوڵ و جەوهەری هەیە لە ستراتیژیەتی بەلا ڕێدابردنی هەڵبژاردن و هەروەها ئاستی ڕەوایەتی سیاسی دەسەلات , هەربۆیە جیاوازی فراوان هەیە لە نێوان فۆرمەکانی ئەم سیستەمە لە روانگەی توانای بەرگەگرتن و ڕێگرتن لە ئاراستەکانی گۆڕانکاری [49]

لەمبارەوە ( ستیڤن لیڤیتسکی و لۆکان ) سەرهەڵدانی وەم سیستەمە بە سێ ئاراستەی جیاواز ئاماژە پێدەکات [50]:

**ئاراستەی یەکەم :** لە سیستەمی ستەمکاری تەواو سەریان هەڵدا کە سیستەمی ستەمکاری بەناچاری لەژێر فشاری ناوخۆ و نێودەوڵەتی تەبەنایی سیستەمی دیموکراسی کردوە یاخود پرۆسەی راگوزەری دیموکراسی دەست پێکردوە و و پابەندبووە پێی, بەلاَم بەهۆی لاوازی جوڵە و چالاکی ئۆپۆزسیون ئەم قۆناغە راگوزەریە گۆرا بۆ لەخۆگرتنی کەمتری پێکهاتە و بنەماکانی دیموکراسی, چونکە دەسەلاَتداران یاریان بە قۆناغی راگوزەری دەکرد و یاخود تەنها بەروکەشی پابەند بون بەبنەما و ڕێساکانی دیموکراسی, ئەم جۆرە ئاراستەیان لە زۆرینەی وڵاتانی ئەفرقیا و باشوری بیابانی گەورە بەدەرکەوت , سەرەتا ئەم وڵاتانانە دەرئەنجامی قەیرانی دارایی و فشاری نێودەوڵەتی دەسەلاَتداران ناچاربوون بانگەشە بۆ هەڵبژاردن و فرەحزبی بکەن, بەلاَم زۆرێك لە ئەو هەوڵانە بۆ دیمکراتیزەکردن شکستیان هێنا وزۆرێك لە دەسەلاَتدارە ستەمکارەکان لە دەسەلاَت مانەوە .

**ئاراستەی دووەم :** ئەم ئاراستەیان لە دوای روخانی سیستەمی ستەمکاری لە وڵاتێك سەری هەڵدەدا,بەلاَم بەدوای خۆیدا سیستەمێکی ستەمکاری نوێ جێگەی دەگرتەوە کە لە شێوەکانی سیستەمی ستەمکاری ڕکابەریە, لەم ئاراستەیان پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی لاواز یان گریمانەیی بونی هەیە, سەرەرای نەبونی کەلتوری دیموکراسی و لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی, بەمەش زەمینەی سازا بۆ حکومەتە هەڵبژێردراوەکان کە پەیرەو لە بنەماکانی ستەمکاری بکەن,

---

[46] سلِين بولي, جذور الإستبداد في الشرق الأوسط, المصدر سبق ذكره, ص4.

[47] هەڵکەوت عەبدولا, دیمکراتیزەکردن و حوکمرانی باش, خەندان بۆ پەخش و وەشاندن, چاپی یەکەم, , لا36.

[48] Steven Levitsky and Lucan A. Way, Elections Without Democracy, Ibid, p 60.

[49] Andreas Schedler, Elections without Democracy: The Menu of Manipulation, Ibid, p 48.

[50] Steven Levitsky and Lucan A. Way, Elections without Democracy, Ibid, pp.61-62.

بەشێك لە ولاَتانی دوای هەرەسی بلۆکی رۆژهەلاَت ئەم جۆرە لە ئاراستەیان گرت لەوانەش ( ئەرمینیا و کرواتیا و رۆمانیا و روسیا و صربیا و ئۆکرانیا ), هەروەها لە هایتیش لە دوای ساڵی ( 1994 ).

ئاراستەی سێیەم بە رووی ستەمکاری رکابەری بریتیە لە هەرەسهێنانی سیستەمی دیموکراسی: لەم ئاراستەدا, قەیرانی سیاسی و ئابووری قوڵ کە بەزۆری قەیرانەکە ماوە درێژ ئەبێت, دەبێتە هۆی ئەوەی زەمینەیەك بێتەگۆر کە حکومەتە هەڵبژێردراوەکان لەسەربنەمای ئازادی بنەهۆی لەناوبردی دامودەزگایی دیموکراسی, چ لەرێگەی کودەتای خودی"الانقلاب الزاتی" سەرۆکایەتی یان لەرێگەی لەناوبردنی دامودەزگا دیموکراسیەکان بەگشتی, لە نمونەی ئەم ئاراستەیش, ئەو گۆرانکاریانەی کە لە سەرەتاکانی نەوەدەکان لە پیرۆ وهەروەها فەنزیلا لەم دوایانەدا رویاندا.

ئەم ئاراستانە ئەگەر چی هەمویان گوزارشت لە جیاوازی جەوهەری لە فۆرمەکانی ستەمکاری رکابەری دەکەن، لە هەمانکاتدا زانایان بە شێوازی جیاواز ناویان دەهێنن جا چ دیموکراسی بێت بە پاشگرەوە یان ستەمکاری بێت بە پاشگرەوە ئەوا هەمویان دەچنە خانەی سیستەمی دوورەگ (Hybrid Regime), کە خاسیەتە گشتیەکانی خۆی لە بونی کەمترین ئاستەکانی دیموکراسی دەبینێتەوە, ئەگەرچی دامودەزگای دیموکراسی فەرمی هەن وەك کێبرکێی هەڵبژاردن فرە حزبی, بەلاَم لە واقعدا هەژمونی ستەمکاری زاڵە چونکە بە پێوەرەکانی دیموکراسی, ئازادی و داد پەروەری بەشێوەیەك نیە کە بتوانرێت لەرێگەی هەڵبژاردن پارتی فەرمانرەوا لەدەسەلاَت دوربخرێتەوە ئەگەر هاتو دەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا. ئەوەی شایەنی ئاماژە بۆکردنە هەندێك جار ئومێدی گۆرینی ئەم سیستەمە بۆ دیموکراسی هەیە[51].

**دەرئە نجام**

1. هەردوو چەمکی هەڵبژاردن و دیموکراسی، سەرەڕای جیاوازی مێژووی پەیدابوون وقۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنیان لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا پێویستیەکی ڕیشەیی و پێشمەرجی ڕەوایەتی سیستەمی سیاسی و سەقامگیری کۆمەڵگەن.

2. لە دۆخی پەیوەندی ئاسایی نێوان ئەم دوو گۆڕاوەدا( هەڵبژاردن و دیموکراسی )زەمینەی گەشەکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و سیستەمی سیاسی مۆدێرن و دیموکراسی دادەنرێت کە تێیدا هاوڵاتی بەشدارە لە دروستکردنی بڕیار لەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ژیانی گشتیەوە هەیە و ماف و ئازادیە مەدەنیەکان بەرجەستەن.

3. لە سیاقی شە پۆلی سێیەمی دیموکراسیدا کە لەدوای جەنگی ساردەوە دەرکەوت قۆناغی گوزەر بەرەو دیموکراسی دەستی پێکرد لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە ئاسیاو ئەفریکاو ئەمریکای لاتین و ئەوروپای ڕۆژهەڵات،لەم سەردەمەدا ئاماژەکانی گیروگازی پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن و دیموکراسی دەرکەوتن بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێکارە یاسایی و دەستوریەکان بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن .

4. ئەو سیستەمە سیاسیانەی لە دەرەنجامی تێکچوونی پەیوەندی هەڵبژاردن و دیموکراسیەوە دەرکەوتن،لە ژێر ناوی جیاجیادا وەك (نیمچە دیموکراسی،دوو ڕەگ،ستەمکاری ڕکابەری) دەناسرێن،کە هەڵبژاردن و فرەیی سیاسی کە

[51] Diamond, Larry Jay, Thinking About Hybrid Regimes, Ibid,p24

ئەكتێكی ڕووكەشانەیە بەكار دەهێنن بۆ ڕەوایەتیدان بە مانەوەو دەستگرتن بە دەسەلاتەوە و پەراوێزخستنی هێزەكانی دیكەو دوورخستنەوەی خەلكی لە بەشداری سیاسی ڕاستە قینە لێدەكەوێتەوە.

## سەرچاوەكان


- ژاك رانسێر, رق لـە ديموكراسـی ,وەرگێرانـی : ئەرسـەلان ئەفراسـياو و نـاجی ئەفراسـياو, دەزگـايی رۆشـنبيری جمـال عيرفان, سليمانی, نۆرەی چاپ 2017
- كۆمەلێك نوسەر , ديموكراسی: بيرۆكەيەك لە تـازەبونەوە دا,دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم, چـاپی يەكـەم 2016 , سليمانی
- محەمەد سەبيلا, بۆ سياسەت بە سياسەت: لە بـارەی تـوێكاری سياسيەوە, وەرگێرانی هەلكەوت عەبدولا, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سليمانی,چاپی يەكەم, 2009.
- هەلكەوت عەبدولا, ديمكراتيزەكردن و حوكمرانی باش, خەندان بۆ پەخش و وەشاندن, چاپی يەكەم
- ئيريك كيسلاسی،ديموكراسی و يەكسانی،و:حمەرەشيد،2017.

- جين شارب من الدكتاتورية إلى الديمقراطية: إطار تصوری لتحرر, مؤسسة البرت انشتاين, الطبعة الثانية, ولايات المتحدة الامريكية – بوسطن, 2003.
- احمد صابر جدحو, مبادئ و مقومات الديمقراطية، مجلة الفكر،عدد الخامس.
- ازمة الشرعية في الانظمة السياسية العربية،دراسة حالة مصر،رسالة ماجستير غير منشورة،جامعة محمد خيضر،كلية الحقوق و العلوم السياسية، 2013-2014
- الامين شريط،الوجيز في القانون الدستوري و المؤسسات الجزائرية،ديوان المطبوعات الجامعية،جزائر،2002.
- بلال الشوبكي, الأنظمة الهجينة , مجلة سياسات عربية, العدد 25, مارس 2017.
- جلـين تنـدر،الفكر السياسـي الاسـئلة الابدية،ت: محمـد مصـطفى،ط1،الجمعيـة المصـرية للمعرفـة و الثقافـة العالمية،قاهرة،1993
- د.اسماعيل عبدالفتاح الكافي ،الموسوعة الميسرة للمصطلحات السياسية(عربي-انجليزي).
- د.سامية خضر صالح،المشاركة السياسية و الديمقراطية،اتجاهات نظرية و منهجية حديثة تساهم في فهـم العـالم مـن حولنا،2005.
- د.عبدالجبار احمد،الانتخابات و التحول الديمقراطي في العراق، مجلة العلوم السياسية،جامعة بغداد.
- رفيق عبد السلام، الانتخابات العربية،اولويات خاطئة، مجلة الديمقراطية،عدد39، 2012.
- سلين بولي, ترجمة جلال خشيب, جذور الإستبداد في الشرق الأوسط, مركز إدراك للدراسات والاستشارات,2017.
- صاموئيل هانتجتون, الموجة الثالثة: التحول الديمقراطي في اواخر القرن العشرين, ترجمة: د. عبدالوهاب علوب, مركز ابن خلدون للدراسات الإنمائية و دار سعاد الصباح, الطبعة الأولى, القاهرة, 1993.
- طوني بينيت،لورانس غروسبيرغ، ميغـان مـوريس، مفـاتيح اصـطلاحية جديـدة، معجـم مصـطلحات الثقافـة و المجتمـع، ت:سعيد الغانمي، المنظمة العربية للترجمة، ص333.ط1، بيروت، 2010.
- عبــد الفتــاح ماضــي ,مفهــوم الانتخابــات الديمقراطيــة، https://www.achr.eu/art220.htm#_ftn2 ،
- عبدو سعد،علي مقلد،عصام نعمة اسماعيل،النظم الانتخابية،ط1،منشورات الحلبي الحقوقية،بيروت،2005.

- عصام نعمة اسماعيل , النظم الانتخابية , دراسة حول العلاقة بين النظام السياسي والنظام الانتخابي ( دراسة مقارنة ) لبنان , منشورات زين الحقوقية 2009.
- علي عباس مراد، ديمقراطية عصر العولمة، 2007.
- فالح عبدالجبار, الديمقراطية : مقاربة سوسيولوجية تاريخية, معهد الدراسات الاستراتيجية, الطبعة الاولى, بغداد- بيروت, 2006.
- كمال الغالي، مبادئ القانون الدستوري والنظم السياسية .مطبعة الرياض، دمشق، 1981 .
- ناتالي سليمان , مصطلحات المشاركة المدنية : ،المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية، 2009ز.
- Election Administration and Democratization Process in Nigeria: An Appraisal of 2007-2015 Lawrence Ime Edet ،Acta Universities Danubius. Administratio, Vol 8, 2016, No.
- Why elections are bad for democracy، David Van Reybrouck، https://www.theguardian.com/politics/2016/jun/29/why-elections-are-bad-for-democracy
- Steven Levitsky and Lucan A. Way, Elections Without Democracy: The Rice of Competitive Authoritarianism, journal of democracy , Volume 13 ،Number 2 April 2002 .
- ELECTIONS AS A TOOL OF DEMOCRATIZATION IN AFRICA, Oluwakemi Amudat Ayanleye, Ontario International Development Agency ,2013.
- Makoa, F.K ,The Challenges of the South African Military Intervention in Lesotho After the 1998 Elections, in Lesotho Social Science Review, 5 1 June. (1999),
- Makoa, F.K. (1997), A Lesotho voter and elections: A note on the 1998 General Election, in Lesotho Social Science Review, 3, 2 .
- Diamond, Larry Jay, Thinking About Hybrid Regimes, Journal of Democracy, Volume 13, Number 2, April 2002.
- Andreas Schedler, Elections Without Democracy: The Menu of Manipulation, journal of democracy, Volume 13 ،Number 2 April 2002.
- القيمة السياسية والفلسفية للعملية الانتخابية،د. ثناء فؤاد عبد الله، مجلة الديموقراطية http://democracy.ahram.org.eg/UI/Front/InnerPrint.aspx?NewsID=
- https://www.merriam-webster.com/dictionary/election
- http://www.dictionary.com/browse/election
- https://en.oxforddictionaries.com/definition/election

**Abstract**

The relationship of elections to democracy is a symbiotic relationship, but not in absolute form, because democracy is the goal, and elections are the means. Although democracy does not form without elections, elections do not mean democracy in any country. There are many examples of this, such as the arrival of the Nazis and the fascists. Many countries with the third wave of democracy in the 1990s went to political openness and democracy through elections, but because of the problems related to the lack of a fair and transparent electoral process they built democratic institutions superficially according to the universal standards of democracy. This project attempts to discuss the problematic relationship between democracy and elections.